عێراق و لوبنان هەماهەنگی هەوڵە ئەمنییەکان و چەسپاندنی سەقامگیری ناوچەکە تاوتوێ دەکەن



ئەمڕۆ شەمم محەمەد شیاع سودانی سەرکی ئەنجومەنی وەزیران، پێرەشی عێراقی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لەگەڵ لوبنان بۆ شوێنك کە خزمەت بە بەرژەوەندیی هاوبەش بکات و پاپشتی سەقامگیری و ئاسایش و یەکپارچەیی خاکی لوبنان بکات دووپاتکردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە بە ئاژانسی هەواڵی موتەع گەیشتووە ڕایگەیاندووە : محەمەد شیاع سودانی سەرکی ئەنجومەنی وەزیران پشوازی لە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی لوبنان لیوا حەسەن شەقیر کرد.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە کرد : کە لە کۆبوونەوەکەدا باس لە میکانیزمەکانی پەرەپێدانی هاوکاری ئەمنی نێوان هەردوو وڵات کراوە، بەتایبەتی لە بوارەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان، تاوانە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، و هەماهەنگی هەواگری، کە بەشدار لە پاپشتیکردنی هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی سەقامگیری ناوچەکە.

بەگوتەی بەیاننامەکە سەرۆك وەزیران جەختی لە پابەندبوونی عێراق بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان بۆ شوێنك کردەوە کە خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بکات و پاپشتی لە سەقامگیری و ئاسایش و یەکپارچەیی خاکی لوبنان بکات، ئاماژەی بۆشکرد : گرنگی بەرزکردنەوەی

هاوکاری و هەماهەنگی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان و گەیشتن بە ئاسایش لە سەرتاسەری ناوچەکەدا.

لای خۆیەوە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی لوبنان ستایشی هەوڵەستە پاپشتییەکانی عێراقی بەرامبەر وڵاتەکەی لە هەموو ئاستەکاندا کرد، جەختیکردەوە گرنگی یەکخستنی هەوڵەستەکان و هەماهەنگی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان و بەرقەرارکردنی ئاسایش و سەقامگیری.